# خاڵبەندیی

# پراکتیکی

؟ ٠ = : ( ) —

... // ؛ « » ؟!

! * / ، [ ] ←

ئامادەکردنی


ڕێبوار سیوەیلی
موسا شیروانی



تەفسیر
هەولێر

# خاڵبەندی

نوزاد

# پراکتیکی

ئامادەکردنی

ڕێبوار سیوەیلی    موسلح ئیروانی

التفسير

هەولێر

١٤٢٤ك. - ٢٠٠٣ز.

ناوی بەرهەم: خاڵبەندیی پراكتیكی

ئامـادەكـاران: ر. سیوەیلی و م. ئیروانی

بـلاوكــــار: نوسینگەی تەفسیر

پیـت چنـیـن: ئامادەكاران

خـــــــەت: نەوزاد كۆیی

چـــــاپ: یەكەم، ٢٠٠٣ هەولێر

چـاپـكــردن: چاپخانەی ژیان

تیـــــــراژ: ١٥٠٠ دانە

ژ. ســپاردن: (١١٦)ی ساڵی٢٠٠٣

هەموو مافێكی ئەم نامیلكەیە بۆ ئامادەكاران پارێزراوە

تفسیر

هەولێر - شەقامی دادگا

ت: ٢٢٢١٦٩٥ـ٢٢٣٠٩٠٨

tafseeroffice@maktoob.com

AlTafseer@hotmail.com

**پێشەکی:**

ئێمە هەرکات لەگەڵ یەکتردا دەئاخڤین، لەهەمان کاتیشدا ڕاستەوخۆ یاخود ناڕاستەوخۆ؛ چاودێریی سیما و ڕووخساری یەکتریش دەکەین و لەیەکتر ورد دەبینەوە. مەبەستمان لە *چاودێریکردنی ڕاستەوخۆ* ئەو کاتانە دەگرێتەوە کە هەردوو لایەنی گفتوگۆکە لە ڕووی جەستەییەوە، لێکدی نزیکبن، قسەکانیان بەهۆی ئامێرەکانی گەیاندنەوە نەگەنە یەکتر و لە هەمان شوێن و کاتیشدا ئامادەبن (پیاسەی ناو قوتابخانە و زانکۆ، مامۆستا لە ناو پۆلدا، ئامۆژگاریی دایکێک بۆ منداڵەکەی و ...). مەبەستیشمان لە *چاودێریکردنی ناڕاستەوخۆ* ئەو کاتانەیە کە لایەنەکانی گفتوگۆ لێکدی دوور بن، شوێنیان جیاواز بێت و ئامرازێک یان زیاتری گەیاندنیش لە گەیاندنی قسەکانیاندا بەکار هێنرابێت. لەم کاتەشدا ئەوان پێویستییان بەوە هەیە بەهۆی خەیاڵەوە، لە زەینی خۆیاندا وێنا (تصور)ی یەکتر بکەن. (قسەکردن لە تەلەفۆندا بۆ خۆشەویستێکمان، لە بەرنامەی تەلەفزیۆنیدا بۆ بینەران، لە ڕادیۆدا بۆ گوێگرەکان و...) ئەو حاڵەتانەن کە دەبێت وێنەی ئەویتر لە خەیاڵی خۆماندا بەرجەستە بکەین و بیهێنینە پێشچاوی خۆمان.

هەردوو جۆری چاودێریکرنەکە لەوەدا یارمەتیمان دەدەن، تاکو بزانین ئاخۆ قسەکانمان بە ڕوونی دەگەنە

بەرامبەر؟ کاریگەرییان لەسەری چییە؟ و چی بکەین تا بواری بەهەڵە تێگەیشتن لە نێوانماندا نەمێنێت؟ ڕێک ئا لێرەشدایە کە ڕۆڵی گرنگی خاڵبەندی دێتە پێشەوە: *خاڵبەندی یارمەتیمان دەدات بۆئەوەی بەبێ بەدحاڵیبوون بەردەوامبین لە گفتوگۆکردن*. ئەوەی ئێمە پێی دەڵێین *خاڵبەندی لە هەردوو ئەم بارودۆخی قسەکردنەدا، هیچ نییە لە ئاسانکاریی زیاتر بۆ دروستکردن و بەردەوامیدان بە پەیوەندییەک لە ڕێگەی بەکارهێنانی زمان و وشەکانەوە*. ئێمە تا ئەوکاتەی مەبەستمانە بەرامبەر لێمان تێبگات و لە بەرامبەر تێبگەین، پێویستە سوود لە بەکارهێنانی جۆرەکانی خاڵبەندی وەربگرین. چونکە بەکارهێنانی ڕاستەقینەی خاڵبەندی پەیوەندیی ئێمە و ئەویتر ڕێکدەخات و ناهێڵێت تووشی لادان ببێت و مانای ڕستەکان و دەربڕینەکانمان ئاڵۆز ببن. لەم دۆخەدا زمان دەبێتە بەرهەمهێنەری ***ئاڵوگۆڕ*** و ***پەیوەندی*** و خاڵبەندیش تەکنیکێکی زمانە، یان **سێتێک (تاقمێک) زانیني تایبەتە** بە زمان، کە بۆ ڕێکخستنی ئەو پەیوەندییە بەکاریان دەهێنین. ئەمەش پێماندەڵێت: ئێمە لە کاتی *توورەیی، هەڵچوون، ورێنەکردن و هات و هاواردا* هیچ پێویستیمان بە خاڵبەندی و ڕێکخستنی زمانەکەمان بەهۆی سێتێک زانینی تایبەتەوە نییە، چونکە لەو حاڵەتانەدا نامانەوێت لە ڕێگەی زمانەوە پەیوەندییەک دروستبکەین، بەڵکو پەیوەندییەکان هەڵدەوەشێنینەوە.

**خاڵبەندیی دەقی گوتراو:**

کەواتە لەکاتی ئاخاوتندا، بۆ پیشاندانی پەیوەندیی ڕێزمانیی نێوان وشەکان، یان کۆمەڵە وشەیەک و پەیوەندییەکانی نێوان ڕستە جیاوازەکان، یاخود بەشە جیاوازەکانی ڕستەیەک، پەنا دەبەینە بەر جۆری یەکەمی خاڵبەندی کە لە کۆمەڵێ حاڵەتی وەک: **وەستان، هەڵوێستەکردن، درێژکردنەوە، دانپیانان، خێراکردن و خاوکردنەوە یان گۆڕینی ئاواز و تۆنی** ئاخاوتنەکەمان، پێکدێت و تایبەتە بە دەقی گوتراو. هەموو ئەمەش پەیوەندیی هەیە بەوەی لەکاتی ئاخاوتندا *چاودێریی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی* یەکتر دەکەین و بەپێی ئەزموونی تێکەڵبوون و ئاخاوتنیشمان لەگەڵ کەسانی دیکەی دەوروبەر؛ شارەزایی لە بەکارهێنانی ئەمجۆرە ***خاڵبەندییە***دا پەیدا دەکەین.

بێگومان ئەم خاڵبەندییە، خاڵبەندییەکە یاسایەکی نووسراوی نییە، لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر و لە دۆخێکی ئاخاوتنەوە بۆ یەکێکی دیکە و تەنانەت لە مرۆڤێکەوە بۆ یەکێکیتر گۆڕانی بەسەردا دێت. بە واتایەکی دی، ئەم خاڵبەندییە تەنیا لە ناو زەینی تاکەکەسانی کۆمەڵگادا بوونی هەیە، ئەویش ئەوکاتەی دەیانەوێت لە ڕێگەی زمانی ئاخاوتنەوە لەگەڵ یەکتردا پەیوەندیی ببەستن.

**خاڵبەندیی دەقی نوسراو:**

بەڵام لە زمانی نوسیندا پێویستیمان بە جۆری دووەمی خاڵبەندییە کە لە کۆمەڵێک **نیشانە** و **ئاماژە**ی بڕیار لەسەر دراوی زمانناسەکان دروستبووە و تایبەتە بە دەقی نوسراو.

ئەم نیشانە و ئاماژانە لە بواری قسە و ئاخاوتنی ڕۆژانەوە فێر نابین، بەڵکو لە ڕێگەی وردبوونەوەمان لە دەقە نوسراوەکانەوە فێریان دەبین. دیسانەوە ئامانجیش لە بەکارهێنانی ئەمجۆرە خاڵبەندییە بریتییە لە ڕێگرتن لە شێواندنی مانای دەقەکان و ئاسانکردنی تێگەیشتن لێیان و خۆ بەدوورگرتن لە بەهەڵە خوێندنەوەیان.

دەتوانین بڵێین نیشانەکانی خاڵبەندی لە ناو تێکستەکاندا، وەکو نیشانەکانی پەڕینەوە و ئۆتۆمبێل هاژوتن وان لەسەر شەقامەکان. ئەویان ئاسانکاری دەکات بۆ تێگەیشتنی ڕاستەقینە لە مەبەستی تێکستەکان، ئەویتریشیان ئاسانکاری دەکات بۆ هاتوچۆی شۆفێرەکان و پیادەڕۆکان تا بە سەلامەتی بگەنە شوێنی مەبەستی خۆیان. جار هەیە بەکارهێنانی نابەجێ، یان بەکارنەهێنان و پشتگوێخستنی نیشانەیەک دەبێتە هۆی بە هەڵە خوێندنەوە و لە ئەنجامیشدا بە هەڵە تێگەیشتن و ڕێ ونکردن. ئەمە جگە لەوەی ڕەچاونەکردنیان لە خێرایی خوێندنەوەش کەم دەکاتەوە، هەروەکو چۆن ڕەچاونەکردنی نیشانەکانی هاتوچۆ دەبێتە هۆی دواکەوتن و زۆرجاریش پێکدادان.

هەر بە یارمەتیی نیشانەکانی خاڵبەندیە کە دەتوانین جەخت لە دەربڕینێک بکەینەوە و تۆنی قسەش لە نوسیندا بەرجەستە بکەین. واتە دەتوانین بەجۆرێک خاڵبەندیی بەکاربهێنین، کە خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەی نوسراوەکەماندا هەست بە ئامادەبوونی خۆمان بکات و بتوانێت گوێی لە تۆنی دەنگمان بێت.

ئەمە جگە لەوەی بەکارهێنانی شیاو و لەشوێن خۆدای نیشانەکانی خاڵبەندی، بەشێکی گرنگە لە پێکهاتەی

ئێستاتیکیانە (جوانناسیانە)ی هەر نووسراوێک. ئەوە ڕاستە کە نیشانەکانی خاڵبەندی ئامرازی ڕازاندنەوەی تێکستەکان نین، بەڵام پشتگوێخستن و بەهەڵە بەکارهێنانیشیان لەو جوانییە کەم دەکاتەوە کە لە ئەنجامی ڕێکخستنی بەشەکانی هەر دەقێکەوە پێی دەگەین.

**خاڵبەندیی پراکتیکی:**

نووسینی *نامە ئیدارییەکان*، *داواکردنی بڕوانامە*، *داواکاریی* گۆڕینی ئەو زانکۆیەی تێیدا دەخوێنی، نووسینی *نامەی ئاسایی* بۆ هاوڕێیەک، نوسینەوەی *یادداشتی ڕۆژانە* و لە هەمووشی گرنگتر ئامادەکردنی *ڕاپۆرت* و نوسینی *باسی دەرچوون*، ڕێکخستنەوەی ئەو گفتوگۆیانەی بۆ باسە مەیدانییەکان ئەنجامدەدرێن، *تۆمارکردنی* زانیارییەکان، هێنان و گواستنەوەی *وتەی* نووسەرانی دی، *ئاماژەدان* بە سەرچاوەکان بەشێوەیەکی ورد؛ ئەو لایەنانەن پێویستە فێرخوازان لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا شارەزایی تێدا پەیدا بکەن و کردەییانە (پراکتیکیانە) بەکاریان بهێنن. چونکە بەبێ بەکارهێنانی ئەم نیشانە و ئامرازانە ناکرێ فێری **چاکنووسین** و **نووسینی زانستیانە** ببین و دەربڕینی **باش** لە **خراپ** جیابکەینەوە.

کەواتە ***مەبەستمان لە خاڵبەندی پراکتیکیانە ئەوەیە، کە فێرخوازانی بنووس، بخوازن و بتوانن لەکاتی نووسینی هەر بابەتێکدا بەشێوەیەکی پراکتیکی سوود لە نیشانەکانی خاڵبەندی وەربگرن و ئەگەری شێواندن، بەهەڵەخوێندنەوە و ماناپشێوی نووسینەکانیان بخەنە لاوە.***

خاڵبەندیی پراکتیکیانە، یارمەتیمان دەدات تاکو ئەو دەقەی دەینووسین، هەڵگری ڕێکخستن و جوانکاری و ڕوونیی خۆی

بێت و خوێنەر بتوانێت لێی تێبگات و پەیوەندیی لەگەڵدا ببەستێت. بۆیە ئێمە بەم هەوڵە سادەیەمان ویستومانە خشتەیەکی پراکتیکی ئامادە بکەین و شێوەی بەکارهێنانی نیشانەکانی خاڵبەندی کە ژمارەیان ١٦ دانەیە (بە نموونەوە) تێدا ڕوونبکەینەوە. ئەمەش بۆ ئەوەی فێرخوازان و ڕۆژنامەنووسان و ... بتوانن لە کاتی نووسینی بابەتەکانیاندا و بەخێرایی بۆ ئەو خشتەیە بگەڕێنەوە.

مەبەستێکی دیکەی ئێمە ئەوە بووە پیشانیبدەین، کە مەسەلەی خاڵبەندی هەر تەنیا بابەتێکی تیۆریانە و پسپۆڕیانە نییە کە زمانناسەکان لەسەری ناکۆکن، بەڵکو بابەتێکیشە پێویستە ببێتە بەشێک لە هوشیاریی خوێنەر تاکو بۆخۆی لە میانەی نوسین و خوێندنەوەیدا، ***ڕێکخستنێکی مانادار*** بە دەقەکان ببەخشێت و لە کاتی نووسیندا ڕەچاوی بەکارهێنانی نیشانەکانی خاڵبەندی بکات. ئێمە دەمانەوێت بەمکارە سادەیە بە فێرخوازانی زانکۆ و قوتابیانی قۆناغەکانی ناوەندی، دواناوەندی و ئامادەیی بڵێین: لە ڕێگەی بەکارهێنانی خاڵبەندییەکی دروستەوە، لە زۆر کێشەی بەهەڵەنووسین و بەهەڵەخوێندنەوە ڕزگارتان دەبێت. وەک چۆن بۆ چوونە شوێنێکی تازە پێویستیمان بە نەخشەیەک هەیە تا ڕێگامان لێتێکنەچێت، ئاواش لەکاتی خوێندنەوە و نوسیندا پێویستیمان بە سیتێک زانین هەیە تا لەناو شەقام و کۆڵان و لاڕێی وشە و ڕستەکاندا تووشی ئاڵۆزیی نەبین.

***لەگەڵ خۆشەویستی ئامادەکاران***

**٢٠٠٣/٥/١**

**بۆ زانیاریی زیاتر بگەڕێوە بۆ ئەم سەرچاوە باوەڕپێکراوانە:**

١- زبان و ادبیات فارسی (عمومی)، مؤلفان: د. ح. ذولفقاری- غ. عمرانی- د. ف. کریمی راد، نشر چشمه، تهران، ١٣٧٨، ص ٥١-٥٥.

٢- نووسینی کوردی بە ئەلف و بێی عەرەبی، د. ئەورەحمانی حاجی مارف، لە چاپکراوەکانی ئەمینداریێتی گشتیی ڕۆشنبیریی لاوانی ناوچەی کوردستان، بەغدا، ١٩٨٦.

٣- قواعد اللغة الكوردية، توفيق وهبي، الجزء الاول، الباب الثاني، ١٩٥٦.

٤- ڕابەرێ بۆ ئیملای کوردی، نوری عەلی ئەمین، بەغدا ١٩٦٦.

٥- خەبەرناما کوردی یا [illegible]اندنە، ئەمینێ عەڤدال، شوکر مستەفا هێناویەتیە سەر ئەلفوبێی عەرەبی، «گۆڤاری کۆڕی زانیاریی کورد»، بەرگی سێیەم، بەشی یەکەم، بەغدا، ١٩٧٥، ل ٣٠٣-٣١٨.

٦- خاڵبەندی بۆ ڕێنووسی کوردی، د. کامیل بەسیر، گۆڤاری کۆڕی زانیاریی عێراق- دەستەی کورد، بەرگی ٩، بەشی ١، ١٩٨٢، ل ٥-١٥.

٧- ڕێنووسی یەکگرتووی کوردی، پەسندکراوی کۆڕی زانیاریی کوردستان، هەولێر ٢٠٠٢.

**نیشانەکانی خاڵبەندی بریتین لە:**

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | خاڵ | . | ٢ | فاریزە/ کۆما | ، |
| ٣ | دوو خاڵ | : | ٤ | فاریزە/کۆمای خاڵ لەژێر | ؛ |
| ٥ | نیشانەی پرسیار | ؟ | ٦ | نیشانەی سەرسامی | ! |
| ٧ | جووتکەوانەی بچووک | | ٨ | تەقەڵ | — |
| ٩ | سێ خاڵی دوای یەک | ... | ١٠ | کەوانەی گەورە | [ ] |
| ١١ | کەوانە | ( ) | ١٢ | خەتە لار | / |
| ١٣ | ئەستێرە | * | ١٤ | تیر | ← |
| ١٥ | دووبارە وەک ئەوەی پێشوو | [illegible] | ١٦ | یەکسانە | = |

**بۆ ئەوەی ئەم نیشانانە بە سانایی بێنەوە بیرمان و شێوەی بەکاهێنانیان بزانین ئەم خشتەیە دەخەینە ڕوو:**

## خشتەی نیشانەکانی خاڵبەندی

| ژمارە | نیشانە | ناوەکەی | حاڵەتی بەکارهێنانەکانی |
|---|---|---|---|
| ١ | | **خاڵ** | ١- لە کۆتایی هەموو ڕستەکاندا جگە لە ڕستەی پرسیاری و سەرسامی:<br>*کوردستان وڵاتێکی جوانە.*<br>ڕەنگە تێگەیشتن *لەم کێشەیە* زەحمەت بێ.<br>٢- لە دوای پیت یان زنجیرە پیتێک کە لە وێنەی نیشانەی کورتکەرەوەدا بەکارهاتبن:<br>پێغەمبەر(د. خ) لە مەککە لەدایک بووە.<br>*مەلایێ جزیری ل سالا (٩٧٠)ی مشەختی (بەرانبەر ١٥٦٧-١٥٦٨ز.) هاتی یە سەر دنیایێ.* |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٢ | ، | **فاریـــزە/ کۆما** | ١- لەنێوان ئەو ڕستە تەواو نەکراوانەی کە پێکەوە ڕستەیەکی تەواو پێک دێنن:<br>*ئەگەرچی کورد زۆر نائومێد کراوە، بەڵام هەر بە ئاواتی خۆی دەگات.*<br>٢- لەدوای بانگ کردنەوە:<br>*خودایە، بمان بەخشە.*<br>٣- لە هەر جێگەیەک کە وشەیەک یان دەستەواژەیەک وەک جێگرەوە لە ناو ڕستە یان دەستەواژەیەکی تر دابنرێت:<br>*گۆران، شاعیری هاوچەرخ، شیعری «گەشتی قەرەداخ»ی نووسیوە.*<br>٤- لە جیاتی «و» لە نێوان وشە هاوشانەکاندا بەکار دەهێنرێت:<br>*هۆمیر، دانتێ، فیردەوسی و ئەحمەدی خانی لە داستانبێژە ناودارەکانی جیهانن.*<br>٥- لە جێگەی هەڵوەستەیەکی کورت:<br>*ئەگەر گوڵ نیت، درکیش مەبە.* |
| ٣ | : | **دوو خاڵ** | ١- لە پێش هێنانەوەی گوتەدا:<br>*دیکارت گوتوویەتی: «من بیردەکەمەوە، کەواتە هەم.»*<br>٢- لە کاتی ژماردنی بەشە پێکهێنەرەکانی شتێکدا:<br>*لە هەر پەیوەندیکردنێکدا گرنگە ڕەچاوی: ڕاستگۆیی، کرانەوەیی و گوێگرتن بکرێت.*<br>٣- لە دوای ئەو وشانەی دەمانەوێ مانایان لێکبدەینەوە:<br>*زەوت: بێگار جادو: تەلیسم، زاربەست، چاوبەست* |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤ | ؛ | **فاریزە/ کۆمای خاڵ لەژێر** | ١- بۆ جیاکردنەوەی ئەو ڕستانەی کە لە ڕووی بنیاد و ماناوە سەربەخۆ دێنە پێش چاو، بەڵام لە دەربڕینێکی دوور و درێژدا، پەیوەندیی مانایان پێکەوە هەیە:<br>*بۆ نووسینی بەرهەمێکی سەرکەوتوو پێویستە باش بیر بکەینەوە؛ زۆر بخوێنینەوە؛ لەدەربڕیندا شەفاف بین.*<br>٢- لە کاتی هێنانەوەی نموونەو ڕوونکردنەوەی پێویست لە پێش وشەی «**وەک؛ بۆ نموونە؛ گریمان؛ واتە؛ و** ...»:<br>*ناتوندوتیژی؛ واتە خۆشویستنی هاوچەشن، بەمانای ڕقبوونەوە لە خراپە نەک خراپەکار.* |
| ٥ | ؟ | **نیشانەی پرسیار** | ١- لە کۆتایی ڕستە پرسیارییەکاندا:<br>*ئایا تا ئیستا بیرت لە چارەنووسی خۆت کردۆتەوە؟*<br>٢- بۆ دەرخستنی گومان:<br>*نالی لە ساڵی ١٧٩٧ (؟) لە دایک بووە.*<br>٣- بۆ گاڵتەپێکردن:<br>*خۆی لێکردووین بە پرۆفیسۆر (؟).* |
| ٦ | ! | **نیشانەی سەرسامی** | ١- لە کۆتایی ڕستەی سەرسامی، جەختکردنەوە و سۆزداریدا:<br>*ڕۆژگارێکی سەیرە، گوڵم!*<br>٢- دوای هاوارکردن:<br>*ئای! چیم بەخۆم کرد.* |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٧ | « » | **جووت کەوانەی بچووک** | ١- گوتەیەک کە راستەوخۆ لە کەسێکەوە یان سەرچاوەیەکەوە وەربگیرێت:<br>*ڤیتگنشتاین دەڵێ: «هیچ شتێک لەوە قورستر نییە کە مرۆڤ خۆی بخەڵەتێنێ.»*<br>٢- ناو و ناونیشان و زاراوەی زانستی یان تەکنیکی: (ئەویش بە زۆری لە یەکەم بەکارهێنانیدا):<br>*«لێبوردەیی» بەردی بناغەی بە ئاشتی ژیانە.*<br>*«گۆشەنیگا» لە نیگارکێشیدا رۆڵێکی گرنگی هەیە.* |
| ٨ | — | **تەقەڵ/ خەتی جیاکەرەوە** | ١- بۆ جیاکردنەوەی ڕستە:<br>*حاجی تۆفیقی پیرەمێرد- کە بە قەڵەندەر ناویان بردووە- پەندبێژ و زمانپاراوێکی داهێنەر بوو.*<br>٢- کاتێک کە دوو وشە پێکەوە دوو ڕووی جیاوازی یەک مەبەست دەربخەن:<br>زانستە کۆمەڵایەتی-مرۆییەکان لە کوردستاندا بایەخێکی ئەوتۆیان پێنەدراوە.<br>٣- بە مانای «هەتا»، «بۆ» و«تاکو» و بەمەبەستی پیشاندانی مەودای شوێنکاتی بەکاردێت:<br>ئازادبوونی کەرکوک هێڵی هاتوچۆی هەولێر-سلێمانی جارێکی تر پێکەوە بەستەوە.<br>تەنانەت تەمەن ١٣-١٧ ساڵەکانیش لە چیرۆکی ***"لەخەوما"***ی جەمیل سائیب تێدەگەن.<br>٤- لە گفتوگۆی نێوان کاراکتەری چیرۆک یان شانۆنامەکان یاخود گفتوگۆی تەلەفۆنی لە سەرەتای ڕستە و سەری دێڕەوە لە جیاتی ناوی قسەکەر:<br>- کڕنووش بۆ پاشا بەرە.<br>- قسەی قۆڕ! |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١- بۆ پیشاندانی وشە و ڕستەی سڕاوە و بەردەوام:<br>هەواڵ چەند جۆرێکە: هەواڵی سیاسی، هونەری، وەرزشی، ...<br>٢- قسەی ناتەواو:<br>من... من... ببورە ناتوانم.<br>٣- بۆ پیشاندانی درێژکردنەوەی قسە:<br>هەر ساتێ ئەو بانە، ئە...ها ڕووخا.<br>٤- کاتێک نەتوانین وشەیەک، یان چەند وشەیەک لە دەستنووسێکدا بخوێنینەوە. | سێ خاڵی دوای یەک | ... | ٩ |
| ١- ئەو بابەتانەی کە بەشێک نەبن لە مەبەستی سەرەکی:<br>*مامۆستاکە هاتە ناو پۆلەوە [قوتابیەکان بێدەنگ بوون] و لە جێی خۆی دانیشت.*<br>٢- لە ساخکردنەوەی دەستنووسە کۆنەکاندا وشە پەیوەستدارەکان لەگەڵ ڕوونکردنەوەی پێویستدا دەخرێنە کەوانەی گەورەوە:<br>*جەنابی وەزیری مەعالی [ئەمین زەکی بەگ] تاریخنووسێکی ناوداری کورد بوو.*<br>٣- کاتێک وەرگێڕ بە پێویست بزانێت وشەیەک یان ڕستەیەک بۆ دەقێک کە دەیەوێ وەریبگێڕێت، زیاد بکات. لێرەدا بۆ ڕوونکردنەوە، وشە یان ڕستەکە دەخاتە ناو کەوانەی گەورەوە، هەر لەناو دەقەکەدا.<br>٤- فەرمانەکانی نواندن لە شانۆدا:<br>*- کامەران [بەمۆنیەوە]: ها... زۆر لە خۆت ڕازیت!* | کەوانەی گەورە | [ ] | ١٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١١ | ( ) | **کەوانە** | ١- مانا و هاوواتایی وشەیەک:<br>*ئێمە هێشتا زمانی پێوەر (ستاندارد)مان نییە.*<br>٢- ڕوونکردنەوەی پتر:<br>*بەرهەمەکانی هەژار موکریانی دەکرێن بە سێ گروپەوە: بەرهەمی شیعری (بۆ کوردستان)، بەرهەمی پەخشان (چێشتی مجێور)، بەرهەمی وەرگێڕان (شەرەفنامە، چوارینەکانی خەییام، قورئانی پیرۆز و...).*<br>٣- ئاماژەکردن بە مێژوو، ناوبانگ، نازناو، ناوی پێشوو و ...<br>*شاری هەولێر (ئەربائیللۆ) بە قەڵاکەیدا دەناسرێتەوە.* |
| ١٢ | / | **خەتە لار** | ١- بۆ جیاکردنەوەی ڕۆژ، مانگ و ساڵ:<br>*لە ١٩٨٨/٣/١٦ هەڵەبجە کیمایاران کرا.*<br>٢- بۆ جیاکردنەوەی بڕگە یان نیوە بەیتەکانی شیعرێک:<br>*پاییز/ پاییز// بووکی پرچ زەرد/ من مات، تۆ زیز/ هەر دوو هاودەرد* |
| ١٣ | * | **ئەستێرە** | ١- بۆ ڕوونکردنەوەی وشەیەک لە پەراوێزدا<br>٢- وەک نیشانەی دەستپێکردنی بابەتێکی تازە |
| ١٤ | ← | **تیر** | ١- بۆ پیشاندانی ئەنجامێک:<br>*نووسینەکانی ئێوەم خوێندەوە ← نووسینەکان: چاووگ، ناسراوە، کۆیە. ی: ئامرازی پەیوەندییە. ئێوە: جێناوی سەربەخۆیە بۆ کەسی دووەمی کۆ. م: جێناوی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی تاک. خوێندەوە: کاری ڕابردووی تێپەرە.* |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | ٢- له ماناکردنه‌وه‌دا به‌واتای "بگه‌ڕێوه بۆ":<br>عه‌لائه‌دین ← سه‌جادی |
| ١٥ | 〃 | دووبـــــاره وه‌ک ئه‌وه‌ی پێشوو | ١- نیشانه‌یه بۆ رسته و وشه‌گه‌لی لێکچوو:<br>*ساده‌نووسی واته خۆدوورگرتن له‌به‌کارهێنانی وشه‌ی ئاڵۆز*<br>*چه‌مکی نامۆ* 〃 〃 〃 〃 |
| ١٦ | = | یه‌کسانه | بۆ پیشاندانی یه‌کسانی له نێوان دوو بابه‌تدا:<br>*ده‌ستی ماندوو له‌سه‌ر سکی تێره = ئه‌وه‌ی به ره‌نجی شانی خۆی ده‌ژی، به برسییه‌تی سه‌رنانێته‌وه.* |

# Practical Punctuation

*Edited by*

Rebwar Siwaily & Muslih Irwany

**First Edition**

**AL-Tafseer**

**2003**